# خوێن بەربوونێك پێش خۆكوشتن

زمناكۆ بورهان قانع
zimnaco@hotmail.com
كات/ پاییزی دوو هەزارو شەش
شوێن/ " ژوورە شپرزەكەی خۆم"

" بە دەم تریقەی پێكەنینەوە، خوێنێكی خەستم لیٚ دەچۆڕێت "



پشووم سوارە، فرمێسك لە چاوەكانم دەڕژێن، زارم تامێكی ناخۆشی هەیە، سەرم گێژدەخوات، دڵم گیراوە، لەشم شەكەتو كوتراوو شلە، بیٚ ویستی خۆم لەسەر تەخت كەوتوم، باسكەكانم دەرزی ئاژن بوون، تەختەكەم بۆنی ئارەقەو بۆنی یاوی لێدێت، لە ئاوێنەدا كە چاوم لە خۆم كردبوو زۆر داتەپیوو لاواز بووم، ژوورەكەم زۆر شپرزەیە، من تەنیام...

" سادقی هیدایەت "

ئەمشەو...

جەستەم داڕزاو

لاشەم كەنەفت

خوێن لەبەربینم دەچۆڕێت

هەناسەم تەنگ

چاوانم سوور

جیّ ی نووستنم غەرقە لە خوێن

ئەمشەو...

ژیانی من بیّ قیمەتە

ڕێك وەك وجودی قورئانێك

لە ماڵی سۆزانیەکدا

چەشنی ئەو بەیانی باشەی

کە هەرگیز لە دایکمی ناکەم

بە وێنەی ئەو قامچی‌و حەیزەرانەی

کە مامۆستایەکی ترسنۆك

قەت ناوێرێت بیوەشێنێت

ئاسا  ترومپایەکی شکاو

لە جیاتی ئاو

خوێنێکی سوور فڕیّ دەدات

* * * * * * * *

ئەمشەو ..

دڵێکی تاریکم هەیە

هەروەك چاوی کوندە پەپوو

هەناسەیەکی قەتیس

بە وێنەی تەنگە نەفەس بوون

دوای سەرخۆش بوونم بە حەشیش

بەڵیّ ئەمشەو...

شکۆفەی خۆکوشتنێکی سوور

حاشا لە زیندەگی سپیم دەکا

**هاوار دەکاتو پێم دەڵێت:-**

**تۆ.. ئەی فاشیلی لە خوێن گەوزاو**

**تۆ .. کە هەمیشە لە مەرگ دەدوێیت**

**ئێستا ترسێك هاتۆتە لات**

**وەکو میوان ڕێزی بگرە**

**هاتۆتە لات و پێت دەڵێت:-**

**- ئەمشەو.. شوێنت گۆڕستانە**

**- لەنگەری ژیانت تێك چووە**

**هاتۆتە لات و پێت دەڵێت:-**

**- ئێ ی زمناکۆ ...**

**سەوڵی کامەرانی تۆ**

**لەناو بەلەمێکی ڕەشدا شکا**

**دیسان دەڕێسێتو دەڵێت:-**

**- ئەمشەو ناتوانیت ئارام بیت**

**- هاتوومەتە لات**

**- پێت دەڵێم:**

**تۆ ببینە ... ئەی گەمژەترین دۆستی ژیان**

**چۆن سەرتاپای جەستەت سوورەو**

**خوێن لەبەر بینت دەچۆڕێت ؟؟؟**

**تۆ ببینە .. چۆن چاوانت پڕن لە تاریکیو زوڵمەت ؟؟؟**

**بۆ کوێ دەڕۆی ؟؟؟**

**ئەی ئولفەت گرتوو بە مەرگ**

**ئەی ڕەنگ هەڵبزرکاو چەشنی سەگ**

**ئەم تەهلیلەی خۆکوشتنە**

**بەرەو گۆڕێکی لاتەریك**

**ڕاپێچت دەکات... ئەمشەو**

**من دڵنیام ... زۆر دڵنیام**

**ئەی کوڕی مەملەکەتی یەئـس**

**ئەم زستانە بە چاوی خۆت نابینیت و**

**ئا لێرەدا جێت دەهێڵم**

**تۆش لەناو جێگەی نووستنەکەت**

**خامۆش ... خامۆش**

**چاوەڕێ بە**

**تا ئەو کاتەی**

**ڕەنگی زەردت**

**داوای خۆکوشتن دەکا لێت..**

**داوای خۆکوشتن دەکا لێت..**